


# تەکنیکی هونەریی لە رۆمانی «ئاناکارنینا»ی تۆلستۆیدا

ژیوار فازیل

رۆمانی (ئاناکارنینا)ی تۆلستۆی پایەیەکی بەرزو گرنگی لە کەلەپووری رۆمانی کلاسیکیی روسیدا هەیە، لە چنینەکەیدا رەگەزەکانی رۆمانی کۆمەڵایەتیو دەروونی پێکەوە گرێداوە، لەم رووەوە وتەکانی رەخنەگرو مامۆستای ئەدەبی روسیی بەناوبانگ (خرابتشنکۆ) بە نموونە دێنینەوە، کە دەڵێت : «سروشتی جوانی ئاناکارنینا لەوەدایە، کە رۆمانەکە کۆمەڵێک رەگەزی دیاری ئەوتۆی هەیە، کە وایکردووە چەند شێوەیەکی تازە لە بەرهەمی رۆماندا بهێنێتەوە کایەوە، بەر لە هەموو شتێک رەگەزەکانی (دەستنیشانکردنی رۆمانی خێزانداری) تێدا بەدی دەکرێت»، بەڵام لەگەڵ ئەوەشەدا ئاناکارنینا تەنها رۆمانێکی خێزانداری نییە، بەڵکو لە هەمانکاتدا رۆمانێکی کۆمەڵایەتی دەروونییە، نووسەر چیرۆکی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی زۆر چاکی بە وێنەکێشانی چالاکییە کۆمەڵایەتییە ئاڵۆزەکانەوە پەیوەست کردووە.

تۆلستۆی لە رۆمانەکەیدا توانیویەتی لە میانەی ناوەرۆکدا وێنەیەکی تەواوی ئەو واقیعە هاوچەرخە بکێشێت، کە بەشەکانی لە مادەی ژیانی ئاساییەوە هەڵێنجاوە بێ ئەوەی پەنا بباتەبەر بەکارهێنانی رەگەزی وروژاندن، سەیر دەکەین وێنەی ژیانی کێشاوە بە هەموو دانیشتووانە جۆربەجۆرەکانییەوە، هەورەوەها سەیر دەکەین وێنەی تابلۆیەکی فراوانی دنیای گوندو جووتیارانی کێشاوە. تۆلستۆی تەنها بە وەسفی ئەو چینانە نەوەستاوە کە جیهانی ناوەوە هەستو بیریانی ئاشکراکردووە، بەڵکو وەسفی روخساری دەرەوەو جۆری خوو ئاکاریشیانی لە ژیاندا کردووە، بۆ نموونە؛ چینی ئۆرستۆکراتی لێدوانیان دەربارەی دەبەنگیی ناوەوەیان، ژیانیان، گومناویو سستیو بێهوودەیی بەرامبەر بە گەل پێوە دیارە، بەڵام جووتیارەکان هێمای کارکردنو رەنج کێشانن‌و لە گفتوگۆکانیاندا رۆحێکی میللیو سادەو بێگەردو راستگۆییان پێوە دیارە، زمانی کەسەکان یان پاڵەوانەکانیش زۆر یارمەتی ئەوەمان دەدەن لە دەستنیشانکردنی باری کۆمەڵایەتییان تێبگەین، زمانی نیوە روسییو نیوە فەرەنسی، کە ئۆرستۆکراتییە بەگزادەکان لە روسیادا قسەیان پێدەکرد جیاوازە لەو زمانە سادەو رەوانەی گەل، کەرەستەکانی سادەن‌و هەندێکجار نەزانینی خاوەنەکەیو قسەنەزانی پیشان دەدات. هەر هەموو کەسەکان بە چاوپۆشیکردن لە ریزبەندیی کۆمەڵایەتییان، وەک نوێنەری سەردەمی خۆیان‌و ئەو رۆژگارە خۆ دەنوێنن، زمانی هەر کەسایەتییەکیش بە جیا زۆر یارمەتیمان دەدات بۆ تێگەیشتن لە هەندێک تایبەتمەندیی خوو ئاکاریدا، لە گفتوگۆی (ئانا)دا لە رادەی سۆزو سادەیی ئەو پاڵەوانە تێدەگەین، لە لێدوانی (کارنین)ی مێردیدا هەست بە کەسایەتیی کۆنەپارێزی ساردی دەکەین، لە لێدوانی (فرۆنسکی)دا نموونەیەکی ئۆرستۆکراتی هەڵخەڵەتاو بە رواڵەت ئاشکرا دەبێت، کە دەیەوێت ئۆرستۆکراتییەتی خۆی لە لێدوان‌و روخساریشدا بپارێزێت، لە پاڵ لێدوانی کەسایەتیدا، تۆلستۆی زۆر هۆکاری یارمەتیدەری تری بۆ ئاشکراکردنی مەوداکانی پاڵەوان بەکارهێناوە، لەوانیش؛ خۆدواندنی ناوەوە، کە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی دیمەنی رۆماننووسین لەلای تۆلستۆی ئەوەیە، کە کەسەکانی هەردەم لە شێوەی خاوەن توانایەکدا دەردەکەون لە هەستی بەهێزو بیرکردنەوەی قولیاندا، ئەمەش بەتایبەتی لە کەسییەتی (ئانا) و (لیڤین)دا دەردەکەوێت، لە میانەی وردبوونەوەو موناجاتیاندا تا رادەیەکی زۆر کەسیایەتیان بە دیار دەکەوێت، هەروا بە کەسایەتییەکانی تریشمان ئاشنا دەکات. لە میانەی وردبوونەوەکانی (ئانا)دا زۆر لە سیفەتەکانی کەسایەتی مێردەکەی و کەسانەی دەوروبەریمان بۆ روون دەبێتەوە، لە میانەی رامانەکانی (لیڤین)یشدا زۆر خاسییەتی بیرکردنەوەو میزاجو ئارەزووی نوێنەرانی دەرەبەگایەتی خۆ دەردەخات. مەزنی تۆلستۆی لەوەدا دەردەکەوێت کە توانیویەتی زۆر بە وردی بە ناخی پاڵەوانەکانیدا شۆڕ بێتەوەو هەستو سۆزو مەینەتەکانیان لە ساتە جیاوازەکانی ژیانیان ئاشکرا بکات، یەک کەسایەتی بەپێی جیاوازی



هەڵوێستو بارودۆخەکە دەگۆڕێت، بۆ نموونە بە چەندین روخساری جیاواز پاڵەوانەکەی (ئانا) ئاشنا دەکات، کە بە پێی گۆرانی باری دەروونیو بارودۆخەکەی دەگۆڕێت، (ئانا) جارێکیان وەکو مرۆڤێکی بەختەوەر دەردەکەوێتو خاوەنی خۆشەویستییە، هەندێک جاریش وەکو مرۆڤێکی ویژدان بە ئازار دەردەکەوێتو پەژارە باڵی بەسەردا کێشاوە، جاری وایش هەیە وەکو مرۆڤێکی شووم دەردەکەوێتو بە جیابوونەوەی لە کۆرەکەی ئاگری تێبەردەبێتو هەندێک جاریش بێزارە لە ژیان‌و چارەنووسی خۆی، هەموو ئەو روخسارانەی )ئانا) لە لاپەرەکانی رۆمانەکەدا یەک بەدوای یەکْ دەردەکەون بۆ ئەوەی لە ئەنجامدا وێنەیەکی زۆر وردی هەستو بارودۆخی ئاڵۆزو دژ بەیەکی پاڵەوانەکەیمان بۆ روون بکاتەوە. تۆلستۆی بارودۆخی پاڵەوانەکانیمان بە ئابوورییەکی بێ ژیان لە شێواوی وەسفی کردووە، دەمانخاتە نێو ژیانی ئەوانەوە بێئەوەی پێشتر هیچ پێشەکییەکمان بداتێ.

رۆمانی (ئاناکارنینا) بە سادەییو هەمەلایەنیو وێنەگرتنی ژیان‌و هەستی وردی پاڵەوانەکانی بە راستگۆییو قولییەوە سەرنجی هەمووانی راکێشاوە. خوێنەر هەمان ئەو شتانەی لە ژیانی رۆژانەی ئاسایی خۆیو ئەو شتانەی لە هۆشیدا مەزەندەی کردوون دەربارەی خەڵکو سروشتیان لەو رۆمانەدا بەدییان دەکات، هەروا بە رێکەوت نییە، کە (ئانا کارنینا)ی پاڵەوانی نووسەر هەمیشە لە دەروونمان نزیکەو هێشتا کار لە ویژدانمان دەکات، ئەگەرچی دەیان ساڵ لەنێوان جیهانی ئێمەو (ئانا)دایە. چیرۆکی (ئانا) هەولدانی مرۆڤە لەپێناو گەیشتن بە بەختەوەری، (بە چاوپۆشیکردن لە ناوەرۆکەکەی). تراژیدیای (ئانا) تراژیدیای مرۆڤە، کە هۆکارەکانی بارودۆخو چارەنووس‌و نەریتەکانی کۆمەڵ دژی وەستاون.

تۆلستۆی بارودۆخی پاڵەوانەکانیمان لە ژیانێکی شێواودا بۆ وەسفدەکات‌و دەمانخاتە نێو ئەو ژیانەوە، بەر لەوەی پێشتر هیچ پێشەکییەکمان بداتێ